# گه نده ڵی و هه ڵبژاردن و دوو ئیداره یی

شێرزاد خه راجیانی

گه ر به پانۆرامای 30 ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان دا بچینه وه، له گلانی شۆڕشی ئه یلول و شۆڕشی نوێ تاراپه ڕین و ڕووخانی به عس، جیاوازی یه گه وره کانی ده خوێنینه وه، که له سفروه وه دۆزی کورد به کوێ گه یشتوه. ئیمڕۆ ئه زموونی ده سه ڵاتی کوردی به هه موو که م و کورپیه کانیه وه ، دوژمنی زۆره و هه رگیز ناتوانن په سه ندی کوردستانێکی وه ك ئیمڕۆ و عێراقێکی له م جۆره بکه ن. ته نها هێزێك ده ستی پیلان و نه خشه ی ئه وانی په ك خستووه ، ده وڵه تی گه وره هێزی ئه مریکایه.ته نها به ره یه کیش که کورد ده توانێت جه نگی مافه کانی خۆی ( که رکوك و.و.و) تیا بکات، به شداری کردنی پرۆسه ی ڕامیاری عێراقه، که هه ڵبژاردن سه نته ری ئه و پرۆسه یه یه.

به و پێ یه ی هه ڵبژاردنی عێراق واته ململانێ ی ده سه ڵات له گه ڵ ( شیعه و سونه و تورکمان و...). ئاشکرایه چه ندایه تی لیستی هاوپه یمانی کوردستان ، داهاتووی هێز و توانای کوردی له به غدای بڕیار و ده سه ڵاتدایاری ده کات. که واته ده کرێت بڵێین هه ڵبژاردن( له عێراقدا) بۆ کورد ململانێیه کی ده ره کیه، له ده ره وه ی ماڵی کورد گه ر لایه نی کوردستانی به لیستی هاوبه ش وه ك ئێستابچنه هه ڵبژاردن. جیابوونه وه ی ( یه کگرتووی ئیسلامی کوردستان) له لیستی کوردی (به هه ر هۆیه ك بێت ) ده بێته په رت بوون و یه ك نه گرتوویی ده نگی کوردو به زیان ده شکێته وه.

ئیمرۆ (گه نده ڵی) نه ك باسی ڕۆژانه ی خه ڵك و ڕۆژنامه کانه به ته نها، به ڵکو خودی ده سه ڵاتی کوردی و پارته کان هه ستیان به مه ترسی کردووه بۆیه باسی ده که ن وپیلانی نه مانی داده نێن. شایه نی ئاماژه کردنه هه ر که س و لایه ن و گرووپێك گه رپه رۆشی ئه م ئه زموونه بن ، ده بێت بابه تیانه بۆ مه به ستی چاکتر کردن ده سه ڵاتی کوردی لێ ئاگادار بکاته وه، چونکه دۆست ئه و که سه یه که ده تگرێنێت. ..... . به ڵام( گه نده ڵی ) کێشه یه کی ناوخۆی کورد خۆیه تی کێشه یه ك له نێوان خه ڵکی کوردستان و که سانی ئیداری نێو ده سه ڵاتی کوردی ، که وه ك ناره زایه تی ده ربرین له گه نده ڵی، نابێت بکاته ئه وه ی سه نگه ری ڕامیاریانه ی ( کورد-عه ره ب) له هه ڵبژاردن چۆڵ بکرێت به ده نگ نه دان.

ئێستا له هه موو کاتێك پتر کاتی ئه وه هاتووه ، خه ڵکی کوردستان فشار بخه نه سه ر (یه کێتی و پارتی) تا ( دوو ئیداره که ) یه ك بگرێته وه. به داخه وه ده کرێت بووترێت گه ر پێش هه ڵبژارد ن(حکومه تی هه رێم وه ك ئێستا دوو له ت بمێنێته وه)، ئه وه چوار ساڵی داهاتوو چاوه ڕوانی ئه و مزگێنی یه نه بین که ( پارتی و یه کێتی) ده توانن یه که به یه که ی هه رکوردێك شادمان بکه ن.

چه ند هه ڵبژارادنی ئه م جاره مێژوویی و چاره نووسسازه، بارته قای ئه وه ش یه کگرتنه وه ی ئیداره کان بۆ ئاینده و پاشه ڕۆژی کورد پێویست و گرنگه و یه که م به ردی بناخه ی یه کێتی کورده.